پ١/ نویٚ خوازی چییە باسی بکە؟ پاشان پێنج لە خاسیەتەکانی شیعری نوێخوازی/هاوچەرخ بنووسە؟

پ٢/ چۆن دەتوانین لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردی بکۆڵینەوە؟یان بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردی دەبێت ڕەچاوی چەند خاڵێک بکەین. ئەو خاڵانە چین بیان نووسە؟

پ٣/ چ تایبەتمەندییەک ئەدەب لە بابەتەکانی تری زانستە مرۆڤایەتییەکان جیادەکاتەوە؟

پ٤/ باسی قۆناغی یەکەمی نوێکردنەوەی شیعری کوردی بکە و چ گۆڕانێک لە مێژووی شیعری کوردیدا ڕوویدا؟

پ٥/ کام گروپ و کۆمەڵە بەسەرئامەد و دەستپێکی نوێخوازی دادەنرێت لەدوای گۆران؟ بەبەڵگە بۆچوونەکان بخەڕوو.

پ٦/ رۆڵی گروپی کفری و ڕابەرانی ئەم گروپە لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا چییە؟

پ٧/ گروپی ڕوانگە و ڕۆڵی لە نوێی کردنەوەی شیعری کوردیدا چییە؟ باسی بکە.

پ٨/ گرنگترین فاکتەرەکانی دروستبوونی گرووپی ڕوانگە چی بوون؟

پ٩/ دیارترین بنیاتی هونەری لەفۆرمی شیعری ڕوانگەییەکان بنووسە.

پ١٠/ بە پوختی دەربارەی سێ لەم گروپانە بدوێ(پێشڕەو، وێران، زناک، تەغریبی٢٠٠١، نوێخوازەکانی بادینان).

پ١١/ پەخشانەشیعر چییە؟ کێ بوون ئەم مۆدێلەیان هێنایە ناو شیعری کوردی؟

پ١٢/ زمانی شیعری چییە؟ پێناسەی بکە. پاشان ڕەخنەگران پێیان وایە دەبێت شاعیر چ زمانێک بەکاربهێنێت؟ وە ئەرکی شاعیری نوێخواز چییە بەرامبەر زمانی شعیری؟

پ١٣/ پێناسە وێنەی هونەری بکە و ڕەگەزە سەرەکییەکانی وێنەی هونەری بژمێرە، دواتر گرنگی واقیع گە داهێنانی وێنەی هونەری بخەڕوو؟

پ١٤/ جۆرەکانی ڕەمز لە شیعری کوردیدا بژمێرە و باسی یەکێکیان بکە، دواتر هۆکاری بەکارهێنانی ڕەمز لەلای شاعیرانی حەفتاکان لە ئەدەبی کوردیدا بنووسە.

پ١٥/ گرنگی ڕیتمیی ناوەوەی شیعر لەلای شاعیری نوێخواز لە چیدایە، پاشان بەنموونەیەک ئاماژە بەو گرنگییە بکە؟

پ١٦/ ئەدەبی ئەلیکترۆنی چیە؟ پێناسەی بکە؟ پاشان گرنگترین تایبەتمەندییەکانی بنووسە؟

پ١٧/ پێناسەی مۆبایلە شعر بکە و باسی تایبەتمەندییەکانی بکە، پاشان فۆرمەکانی بژمێرە.

پ١٨/ هایکۆ چییە؟ باسی بکە، دواتر ئاماژە بە شێوەی پێکهاتنی بدە، پاشان باس و بابەتەکانی هایکۆ دەربارەی چییە؟

پ١٩/ ڕابەری شیعری هایکۆ کێیە؟ باسی بکە، ئینجا باس لە قوتابخانەکانی ئەم شیعرە بکە و جیاوازی نێوانیان بنووسە؟

پ٢٠/ بە نموونە باسی هایکۆ لەشیعری کوردیدا بخەڕوو.